www.kurdistannet.org
15/06/2002 23:44

## کۆنگرەی خۆراك لە نێوان چاوەڕوانی و هەوڵی بێهودەدا

## (سەرنجێك لەسەر کۆنگرەی نێو دەوڵەتی خۆراك)

**(موزەفەر عبداللە)**

ڕۆژی ۱۰–۱۳ ئەم مانگە دووەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی خۆراك لە چێر دروشمی دچایەتی کردنی هەژاری و برسێتی لە شاری ڕۆمای ئیتالیا لەسەر بانگەوازی ڕێکخراوی فاو و بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامادەبونی کۆفی ئەنان ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەشداری نوێنەری ۱۸۰ دەوڵەت کە تیاندا سەرۆکی وولاّتان و وەزیری کشت و کاڵ و بەرپرسانی تری تیا بەدی دەکرا ساز درا. ئەوەی جێی سەرنج بوو لەم کۆنگرەیەدا ئەوەبوو کە نوێنەری هیچ یەك لە وولاّتە زلهێزەکانی باکور بەشدرایان نەکرد جگە لە نوێنەری ئیتالیاو ئسپانیا. شایانی باسە کە سەرۆکی ئیتالیاش لەبەر ئارەزووی زۆری بۆ یاری یەکانی جامی جهانی گرینگی وای بە کۆنگرەکە نەدا.

هەڵبەت ئەمە دووەم کۆنگرەیە و یەکەمین کۆنگرەش ساڵی ۱۹۹٦ ساز درا ، کە بڕیار تا ساڵی ۲۰۱۵ نیوەی ڕێژەی هەژاری لە ئاستی جهان کەم بکرێتەوە کە ڕیّژەکەی بە پیّ ی ئاماری ئەو ئەکاتە ۸٤۰ ملیۆن بوو. بەڵام بە بەراووردرد لەگەڵ ڕێژەی بڕیار دراو بۆ ئەو ماوەیە دەرکەوتوە کە ڕێژەی کەمبۆوە تەنها ٪۱٥ یە. ئەمەش بە دان پیانانی خۆیان ، یانی فەشەل هێنانی ئەو بڕیارانەی کە درابوون. بە ووتەی بەشداربوانی کۆنگرە زۆربەی ئەو ووڵاتانەی کە بەڵینیان دابوو بۆ کۆمەك ، تا بڕیارەکان جێ بەجێ بکرێ ، بەڵینی خۆیان لەو چەند ساڵەدا بە جێ نەگەیاند. لەمەش قەباعەت تر ئەوەبوو کە هەر لە ئێستاوە فەشەلی ئەم کۆنگرەیەشیان بەهوی هەموو لایەك ڕاگەیاند.

بە پیّ ی ئامارەکان ئێستا۸۰۰ ملیۆن برسی لە جهاندا هەیە و ۳۰۰ ملیۆنیان منالە. ڕۆژانەش ۲٤۰ هەزار کەس بەهۆی برسێتی یەوە گیان لەدەست دەدەن و بەشی زۆر ڕێژەی ئەم هەژاری و برسیتی یەش لە کیشوەری ئەفریقادایە. ئەم تراژیایە لە کاتێکدایە کە ئەو بودجەیەی تەنها بۆ بەخششی یاریزانەکانی جامی جهانی دا سەرف دەکرێت بە پیّ ی داواکاری یەکەی ڕێکخراوی فاو دەتوانێ مەترسی لەبرسا مردن لەسەر گیان و ژیانی ئەو ۸۰۰ ملیۆن مرۆڤە نەهێڵێ ، لە کاتێکدا ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە لەبەر دەستەدایە ، بەڵام سەرۆکی حکومەتی ئیتالیا کە بە حیساب شانازی سازدانی کۆنگرەی پیّ براوە لە وولاّتەکەیدا بەلام ئەوەندەی بەپرۆشە بۆ بینینی یاری یەکە نیوە ئەوەندە جدی نی یە بۆ سەرکەوتنی کارو بڕیارەکانی کۆنگرە. ئەمەش خۆی لە خۆی لانی کەمی بەڵگەیە بۆ ڕواڵەتی ئەم جۆرە کۆنگرانە.

ئەوەمان لەبیر نەچێت کەوەك هەموو کۆنگرە نێودەوڵەتی یەکانی تر لەمەر ژنان و شوێنەوارو منالاّن و زۆری تر لە پاڵ ئەم کۆنگرە ڕەسمیەشدا کۆنگرەی ڕێکخراوە نادەوڵەتی و ناڕەسمی‌یەکانیش سازدرا کە نوێنەری زیاتر لە ۷۰۰ ڕێکخراو بەشداری کرد و هاوکاتیش ئەمانە ناڕەزایەتی یان دەربڕی لەبەرامبەر برسێتی و هەژاری. هەڵبەت لایەنێکی ئەم کۆنگرە پەراوێزیانە زیاتر بۆ فشار هینانە تا کۆنگرە ڕەسمی‌یەکە زیاتر دەستکەوتی هەبێت و زیاتر و جدی تر بێنە پای بڕیارەکانیان.

بەهەر حاڵ بە جیا لەوەی کۆنگرە پەراویزی یەکە کاریگەری لەسەر کۆنگرە ڕەسمی یەکە چەندە ، پێویستە سەرنج لەسەر ئەوە بدرێ ئاخۆ ئەم جۆرە کۆنگرانە چەندە دەتوانێ ئاسۆیەکی ڕۆشن بخاتە بەردەم چاوەڕوانی یەکانی ۸۰۰ ملیۆن مرۆڤی بێ تاوانی برسی. وە بەمەش چەندە هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆنگرەکەیان و بڕیارو نەخشەکانیان و بەڵینەکانیان بیّ هودە نابیّ !!.

بە هەقیقەت تەنها بە سەرنج دانی ڕادەی گەشە کردنی تەکنەلۆژی و پێشرەوەی مرۆڤایەتی لە هەموو مەیدانەکاندا وە بە کەڵەکە بوونی سەرمایەی جهان لە دەستی ۳۳۰ سەرمایەداری گەورەی جهان مە سەرمایەکانیان بە ڕێژەی داهاتی ۳۰ وولاّتی وولاّتانی جهانی سێهەمە هەروەها سەرف کردنی ئەم سەرمایانە لە لایەنە هەموو دەوڵەتە بۆرژوازی یەکانی جهانەوە بۆ سیاسەتە دژی مرۆڤی یەکانیان ، تەنها ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە ئەم کۆنگرانە ناتوانێ هەژاری و برسێتی لەناو ببات. وە کاریگەری تەنها ئەوە دەبێت کە وەك حەبیکی موسەکین لە ڕێگای بەرێ خستنی پڕوپاگەندەوە بخرێتە گۆێ و مێشکی ملیۆنان مرۆڤەوە تا لە چاوەروانی بیهودەدا بیان هێلێتەوە.

هەژاری و برسێتی وەك هەر دەردو نەخۆشی یەکی تر لە چەشنی بێکاری و شەڕو ئاوارەیی و ستەمی نەتەوەیی و دینی و ڕەگەزی و چەندینی تر سەرچاوەکەی وا لە جیاوازی چینایەتی‌دایە. ئەمەش بە هۆی موڵکداری تایبەتی یەوە کە سیستەمی سەرمایەداری و چینی بۆرژوا پارێزەرێتی. بۆیە تا ئەو جێگەیەی ئەم چینە و ئەم سیستەمە مابێت و دەسەلاّتدار بێت هەژاری و برسیتیش وەك دەردەکانی تر هەر دەمێنێ. تاکە ڕێگا بۆ رزگار بوونی یەکجاری لەم هەموو دەردانە تەنها کۆتایی هینان بەم سیستەمەیە. ڕاستە تا کۆتایی هێنان بەم سیستەمە پێویستە خەبات و تیکۆشان بەردەوام بێت بۆ ڕیفۆرمی ڕۆژانە ، بەلاّم ئەگەر ئەو ڕیفۆر و هەولاّنەش لە چواچێوەو سایەی دامەزراوەکانی خودی چینی دەسەڵاتداردا بیێت ئەوە دەردێك دەرمان ناکات. بۆیە کوفی ئەنان ناچار دەبیّ بڵیّ گرفتەکە لەوەیەدایە کە بۆ لەناو بردنی هەژاری ئیرادەی سیاسی یەکگرتو نی‌یە!!. بەڵام

www.kurdistannet.org

ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە کە ئیرادەی سیاسی یەکگرتو بۆ ئەم کارە نە لە ڕێکخراوێکی ئاواو نە لەو دەوڵەتانەوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆیان هەم پارێزەی ئەم دەرد و مەیتەنی یانەن و هەم ڕێگرن لەبەردەم ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی. بەڵکو بۆ ڕامالینی هەژاری و برسێتی پێویستە ئەم دەوڵەت و دەسەلآتانەش ڕامالدرێ.

خالێکی تر لەو بەهانە پوچانەی کە لە لایەن ئەم دامام ودەزگاو دەوڵەتانەوە دەکرێ ، ئەوەیە کە هۆکاری ئەم هەژاری و برسێتی یە گرێ دەدەنەوە بە بێ بارانی و وشکە ساڵێ و دابەش کردنی ناعادلانەو دوا کەوتویی تەکنیك و مونافەسەی خاوەن مولچك و بازرگانان و سیاسەتی نادروستی دەوڵەتان بە تایبەتی وولآتانی گەورە پیشەسازی و هەتا هەژاری ئەو دەوڵەتانەی کە دەسەلآتدارن لە چەشنی دەوڵەتانی ئەفریقیا. بەلآم لە راستیدا بەم بەهانانە دەیانەوێ خۆڵ بکەنە چاوی نەك هەر ٨٠٠ ملیۆن برسێی یەوە بەڵکو بیکەنە چاوی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەوە و شانی خۆیان لە بەرپرسێتی ئەم دەردە خاڵی بکەنەوە. لە کاتێکدا هەر لەو ووڵاتە هەژار نشینانەدا چەندین ملیۆنیرو ملیاردێر هەیە و گەشت نەك بە ووڵاتەکەی خۆیان و کیشوەرەکەو جهاندا بەڵکو بۆ بۆشایی ئاسمانیش دەکەن وەك ئەوەی لە ئەفریقای باشور ماوەیەك لەمەو بەر ملیۆنیرێکی ئەو وولآتە گەشتی فەزای دەرەکی کرد بە ٢٠ ملیۆن دۆلار. ئەی ئەگەر وشکە ساڵێ یە ئەوە بۆ ئەوانە هاواریان لە برسا لێهەلناسێ ؟؟!!.

هەموو ئەم پروپاگەندانە کە لە لایەن ئەو حکومەتانە خۆیان و یاخود حکومەتە دەڵەوەمەندەکان و ڕێکخراوە تێو دەلەوتەتی یەکانەوە دەکرێ تەنها بۆ تەبری یە کردنی ناوەڕۆکی سیستەمە ئابوری و سایسی یەکەی خۆیانە بە گشتی ، ئیتر لە هەر ڕەنگ و بەرگێکدا بن. هەر بۆیەش تا ئەم هەلومەرجە سیاسی و ئابوری یە وا بێت هەمو چاوەڕوانییەکان و هەوڵەکان بۆ ئەم کۆنگرانەو لەم کۆنگرانەدا بێهودە دەبێت.